كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە

**بەیاننامەی هاوبەشی دەستەی هاوكاری قەڵادزێو ئەنجومەنی ڕێكخراوەكانی قەڵادزێ سەبارەت بە یادی كارەساتو ڕاپەڕینی ٢٤/٤/١٩٧٤ و ٢٤/٤/١٩٨٢**

كەسوكاری گیانبەختكردوانی كارەساتو ڕاپەڕینی قەڵادزێ

هەڵوێست وەرگرانو خەمخۆرانی ماندونەناسی ناوچەی پشدەر

لەیادی كارەساتو ڕاپەڕیندا دەستەی هاوكاری قەڵادزێو ئەنجومەنی ڕێكخراوەكانی خوێندكاران، قوتابیان، لاوانی قەڵادزێ، سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ٢٤/٤/١٩٧٤ و ٢٤/٤/١٩٨٢ ی قەڵادزێو سەرجەم شەهیدانو كەسوكاری قوربانیانی خەڵكی ناوچەكەمان دادەنەوێنینو یادیان بەویستو داخوازییە ڕەواو بەرهەقەكانی كەسوكاریان دەكەینەوە، قوربانیدانو لەخۆبردەی خەڵكی ناوچەكەمان بۆتە هۆكاری تەواوی ئەو كاولكارییانەی بەسەر دانیشتوانی ئەم دەڤەرەدا هاتووە، تەنها لەبەر ئەوە بووە كە خەڵكی ئەم ناوچەیە هیچ كات ئامادە نەبوون ملكەچی دكتاتۆرو شۆڤێنییەكان بن.

ئێستاش لەدوای خرۆشانو ڕاپەڕینو گۆڕبەگۆڕكردنی بەعسییەكان ڕێگە نادەین چیتر بەرهەمی ماڵ كاول بوونو قوربانیدانمان بچێتە ناو گیرفانو ورگی كۆمەڵێک خەڵكی نا مەسئولی بەناو مەسئولو ڕێگەش نادەین چیتر بۆنەو یادەكانمان بكەن بەمینبەری بەخۆداهەڵگوتنو بەڵێن دانو لەخشتەبردنمان.

بۆیە بەم بەیاننامەیە ڕایدەگەیەنین كە پێشوازی لەهیچ كاربەدەستو لێپرسراوی حیزبیو حكومی، لەیادی كارەساتو ڕاپەڕین ناكەین، داواكارین لەمەودوا بەپیری داخوازییە سەرەتاییو چارەهەڵنەگرەكانمانەوە بێنو واز لەبەڵێندانو هەڵخەڵەتاندن بهێنن، دواخستنو گوێ پێنەدانی داخوازیو داواكارییەكانی كەسوكاری شەهیدان ڕێزنەگرتنە لەخەباتو ماندوبونیانو نەخوێندنەوەی مێژووی پڕ سەروەریو نیشتمانپەروەریو كوردایەتی خەڵكی ئەم ناوچەیەیە.

(بۆیە ٢٤/٤ی ئەمساڵ هاواردەكات، هۆ نەوەی نوێ، لەهەر ساتو وەختێكا ستەمتان دی هەستنە سەرپێ )

ئێمە وەكو (دەستەی هاوكاری قەڵادزێ)و (ئەنجومەنی ڕێكخراوەكان) كە پێكدێت لە دوانزە ڕێكخراوی قوتابیان، خوێندكاران، لاوانی ئەم شارە. داواتان لێدەكەین كە هاوپشتمان بن لەگەیاندنی پەیامی دانیشتوانی ئەم شارە بێ نازە.

لە داواكارییەكانمانو بەئامادەبوونتان لەسەر گڵكۆی گیانبەخت كردوانی ڕێگەی ڕزگاری گەلەكەمان، لەڕێگەی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە، بەلایەنە پەیوەندیدارەكانی پەیوەست بەداواكارییەكانمان بەمەبەستی جێبەجێكردنی ئەو پرۆژە

خزمەتگوزارییانەی دەیان جار بەڵێنیان پێداوینو تاکو ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن.

بۆ ئەم مەبەستە لەرۆژی ٤/٢٤ کاتژمێر (٩)ی هاوینە لەسەر گۆڕی شەهیدان چاوەڕێتان دەکەین .

ئامادە بونتان وەفادارییە بۆ شەهیدان

١. دەستەی هاوکاری قەڵادزێ.
٢. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان – کۆمیتەی قەڵادزێ.
٣. یەکێتی قوتابیانی کوردستان – ناوچەی قەڵادزێ.
٤. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان – ناوەندی قەڵادزێ.
٥. کۆمەڵەی چالاکییەکانی هامون – ناوەندی پشدەر.
٦. سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان – ئۆفیسی قەڵادزێ.
٧. ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان – لقی قەڵادزێ.
٨. ڕێکخراوی سۆڵیدارێتی خوێندکاران – سەنتەری قەڵادزێ.
٩. ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان – سەنتەری پشدەر.
١٠. یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان – ناوچەی قەڵادزێ
١١. ڕێکخراوی گەشە پێدانی قوتابیانی کوردستان – ناوچەی قەڵادزێ
١٢. یەکێتی خوێندکارانی پارێزگارانی کوردستان – ناوچەی قەڵادزێ
١٣. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان عێراق – ناوچەی قەڵادزێ

دەستەی هاوکاری قەڵادزێ – ئەنجومەنی ڕێکخراوەکان
٢٠٠٧/٤/٢٢
دەستەی هاوکاری قەڵادزێ و ئەنجومەنی ڕێکخراوەکان
بۆ بەڕێز/ لایەنی پەیوەندیدار
بابەت/ داواکاری

لەدوای خاپورکردنی ناوچەی پشدەر لەلایەن رژێمە فاشیستە گۆڕبەگۆڕەکەی بەعس، ئەم ناوچەیە پێویستی بەدەیان پڕۆژەی خزمەتگوزاری هەیە کە بەنەبوونی ئەم پرۆژانە ژیان زۆر قورس بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دەڕوات بەڕێوە .

بۆیە ئەم پرۆژە خزمەتگوزاریانە لەخوارەوە نوسراون، داخوازی تەواوی دانیشتوانی ئەم دەڤەرەیەو داوای جێبەجێ کردنیان دەکەین. شایەنی باسە زۆرێک لەم پرۆژانە بە دەیان جار داواکراون، چەندین جار بەڵێن بەکاسوکاری شەهیدانو ریش سپیانو خەڵکی خەمخۆری ئەم ناوچەیە دراوە کە (بۆتان جێبەجێ دەکەین)، تەنانەت بەشێکیان موافەقەیان وەرگیراوە، بەڵام تاکو ئێستا هەروەک بەڵێن ماونەتەوە، کە بوونەتە هۆکاری لەدەستدانی متمانەی خەڵک بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمو کاربەدەستانو دڵگرانی کەسوکاری قوربانیانیو دڵسۆزانی ڕێگەی رزگاری گەلەکەمان .

بۆیە دیسانەوە داوا دەکەین بەڵێنەکانی خۆتان بکەنە هەوێنی گێڕانەوەی متمانە بۆ ئەوەی جارێکی تر دڵی قوربانیانی بەڵێن بۆ لای خۆتان بگێڕنەوە. وەڵامی داخوازییەکانمان بدەنەوە، بۆ ئەوەی دەنگەکانمان جارێکیتر سندوقەکانی هەڵبژاردنتان ببینێتەوە. بۆ ئەوەی چرای ئومێدی خەڵکی ئەم ناوچەیە چیتر بەرامبەتان کز نەبێت، بۆ ئەوەی خەڵی ئەم ناوچەیە بەراستی بە خەمخۆری گەلتان بزانێ. بەهیوای ئەم ئەزمونەی ئەمڕۆی گەلی کورد پیا تێدەپەڕێت چیتر نەبێتە قوربانی نەدانەمکاریەکانی بێ پلانی حکومەتی هەرێمو دەست بکات بەداڕشتنی پلانی خزمەتگوزارییو بەرەو باشتر هەنگاو بنێو لەخەمساردی بێتە دەرێ.

ئەمجارەش داواکارییەکانمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەکەینەوە:

١. چارەسەرکردنی ڕێگاوبانی ناوچەکە بەگشتیو دوو سایدی قەڵادزێ – دەربەند بەتایبەتی .

٢. دانانی (وێستگە)یەک لە چورقوڕنە بەمەبەستی بەهێزکردنی کارەبایی ناوچەکەو راکێشانی تاوەری کارەبایی لە چوارقوڕنەوە بۆ قەڵادزێ.

٣.دروستكردنی بینای مەڵبەندی رۆشنبیری.
٤.دروستكردنی بینای زانكۆی قەڵادزێ.
٥.كردنەوەی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان.
٦.دروستكردنی بینای چاودێری كۆمەلایەتی.
٧.زیادكردنی بینای خوێندنگا.
٨.چارەسەركردنی كێشەی زەوی‌و زاری ناوچەی پشدەرو گێڕانەوەی زەوییەكانی بازیان بۆ خاوەنەكانی.
٩.دروستكردنی بینای كوشتارگە.
١٠.دروستكردنی گەراجێكی مۆدێرن.
١١.قەرەبووكردنەوەی سەرجەم دانیشتوانی ناوچەی پشدەر لەزەرەرو زیانی راگواستنی زۆرەملێ.
١٢.رۆژی ٤/٢٤ بكرێت بە رۆژی خوێندكار، وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی رێگەی زانست‌و پێنوس.

وێنەیەک بۆ/

- سەرۆكی هەرێم بەڕێز
- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێ..
- پەرلەمانی كوردستان بەرێز.
- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی پارێزگا بەرێز.

دەستەی هاوكاری قەڵادزێ – ئەنجومەنی رێكخراوەكان
٢٠٠٧/٤/٢٤